سێ بازرگانی ماددەی هۆشبەر لەهەولێر دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی هەرێم لە ڕاگەیاندراوێك رایدەگەیەنێت،سێ بازرگان دەستگیرکران و هاوکات بڕی (25)کیلۆ و (800)گرام ماددەی هۆشبەر لەجۆری کریستاڵ دەستی بەسەردا گیرا .

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی هەرێم ئەمڕۆ یەکشەممە 21-1-2024 رایگەیاند: لە بەردەوامی هەوڵەکانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەو نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، لەشەوی 13/12ـی 1ـی 2024 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بۆ هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و چاودێری و تیمەکانی بنکەی سەران و دهۆکی سەر بەبەڕێوەبەرایەتیمان، دوای وەرگرتنی بەیاری دادوەری لەکەینەوەی ئاسایش، توانرا (3) بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان کە دوانیان بیانیین دەستگیر بکرێن و هاوکات لەم چالاکییەدا بڕی (25) کیلۆ و (800)گرام ماددەی هۆشبەر لەجۆری کریستاڵ لە شارۆچکەی سیدەکان و سەنتەری شاری هەولێر دەستی بەسەردا گیرا .

هەروەها ئاماژەی بۆشدا، ئەم باندەی دەستگیرکراون پێکهاتەی باندێکی مەترسیداری بازرگانیکردنن بە ماددە هۆشبەرەکان و لە کاتی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنیان یەکێك لەبازرگانەکان ووبەووی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان بووەو دواتر بە بریندارى دەستگیرکرا.